ئەحمەد میرە



# قەڵەمەکانی نا هەقی

((ئەوە بۆچی ناتوانن ببنە رۆژنامەنوسێکی پیشەگەر؟)) وەڵامی ئەم پرسیارە لەوە دەرناچێت هەرکەسێك وەك دامەزراوەیەکی ئایدۆلۆژی لــــــــە پیشەی رۆژنامەنوسی روانی، ناشیرینیەکانی حیزبی جوانکرد و بەرگری لە فەشەل بوونی کرد و موبەریری بۆ هەموو پێشێلکارییەکـــــــــان هێنایەوە چۆن دەتوانێت وەك رۆژنامەنوسێکی خاوەن ئینتیما بۆ پیشەکەی کاربکات و ببێتە رۆژنامەنوسێکی موحتەریف.

ئەوەی تا هەنوکە، ئێمە لە رۆژنامەنووسە حیزبیەکانی کوردستان بینیومانە بریتی بووە لە کوشتنی پیشەی رۆژنامەنوسی لەناخدا،گۆڕینی رۆژنامەنوس لە مرۆڤێکی قسەکەر و خاوەن پرسیارەوە بۆ فەرمانبەرێکی گوێڕایەڵی دەزگاکانی ناوەندی راگەیاندن. ئەمەش وایکردووە کە رۆژنامەنووسی حیزبی هەمیشە لە حاڵەتی نائامادەگی جدیدا بێت لە کۆمەڵگادا و لە جیاتی تەرجەمەکردنی خەونەکانی خەڵك خەریکی گوێزانەوەی ئایدۆلۆژیا و بەرنامەی حیزب بێت بۆ ناو جەماوەر.

رۆژنامەنوسە حیزبیەکان بونیان لەبەردەم پرسیارگەلی زۆردا وەستاوە، چونکە بەردەوام ویستوویانە ئەوە بلێن کە ئەوە کۆمەڵگایە هەمیشە لەبەردەم حیزبدا بەرپرسیارە نەك بە پێچەوانەوە،هەرئەمەش وای لێ کردوون کە بەرپرسیارێتیان بەرامبەر بە خەڵکی بگۆڕنەوە بە بەرپرسیارێتیان بەرامبەر بە حیزب ، ئەوەی لە رۆژنامەنووسی حیزبیدا گوتارێکی زاڵە جگە لە دروستکردنی شانازیکردن بە رابوردوویەکی ناکامڵەوە چیترە ؟

گەمەکە لێرەوە دەستپێدەکات ، کاتێك رۆژنامەنوسێکی موحتەریف (پیشەگەر) دەیەوێت بۆ (دوان) زمانێکی داهێنەرانە بدۆزێتەوە و ببێتە کاراکتەرێکی ئەکتیڤ و لەهەمان کاتدا ببێتە گەورەترین گەمەکەری کلتوری ، لە بەرامبەردا رۆژنامەنوسە حیزبیەکان ئەمە بە تاوان و پێشێلکاری ئەخلاقی رۆژنامەنوسی دەدەنە قەڵەم. ئەمە جگە لە نوکتەیەکی ناخۆش چیترمان بۆ دەگێڕێتەوە ، بەڵام نەگبەتی سەرەکی ئێمە لەوەدایە لەناو کۆمەڵگایەکدا دەژین نوکتەیەکی سادە، هێزی کاریگەری لە رۆمانێکی مەزن زۆرترە . ئەوەنیە دەبینین دیوانی فلانە شاعیری لاو بۆ چەند جارێك چاپ دەکرێتەوە؟! فلانە کتێبی مەزنیش گەورەترین تیراژی لە چەند هەزار دانەیەك تێپەڕنابێت. ئەمە چیمان پیشاندەدات جگە لە دەرخستنی نزمی ئاستی رۆشنبیری خەڵکی و کۆمەڵگە؟ ئەو دەمەی کە رۆژنامەنوس و نوسەرەکانی دەرەوەی حیزب لەسەر خەمی نان و ژیانی خەڵکی هاتنە دەنگ و بە حیزبیان وت ئێوە دونیاتان لێکردوینەتە چەرمی چۆلەکە و بە دوای نان و ژیانێکی خۆشگوزەران دەگەرێین هەر لەو دەمەدا رۆژنامەنوسە حیزبیەکان لەسەر بڕیاری لێپرسراوەکانیان هاتنە قسەکردن و وتیان "زمانتان زبرە، قسەتان ناخۆشە، روانینتان کورتە" ئەوە بۆچی ئەو هەموو ناز و نیعمەتەی حکومەت نابینن! بەڵام چونکە ئەم رۆژنامەنوسە حیزبیانە تەنها خەریکی وتنی ران ناتوانن فراوانتر بروانن بە دەربڕینی نیفەری" تامەودای روانین فراوانتر بێت ، رووبەری گوزارشتکردن بەرتەسك دەبێتەوە " بەڵام لای ئەمانە هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوە.دەیانەوێت بە روانینێکی بەرتەسك دەیان دارشتنی سواو و بێناوەرۆك بنوسن.

رۆژنامەوسی حیزبی لە جیاتی ئەوەی کە گوێبگرێت لە ئامۆژگارییەکانی خەڵك ، لە پێناو بوونەوەی بە رۆژنامەنوسێکی ئاسایی ، کەچی دێت خۆی دەکاتە واعیزێکی گەورە و مۆچیاری دەبەخشێتەوە . رێسا و پرەنسیپی نوسین دادەنێت و سنوری راستی و دروستی نوسینەکان دیاری دەکات.

بەبێ ئەوەی پرسیار لە خۆی بکات:

ئایا خۆی چەند بیردەکاتەوە لەو وتارانەی دەینوسێت؟ ئایا ئەو پێویستی بە بیرکردنەوە نییە؟ یان تەنها وەکو مووچەخۆرێك ، فەرمانێك جێبەجێ دەکات و هیچی تر؟

ئایا لە رێی نوسینەکانیەوە چەندە توانیویەتی رێگربێت لەوەی لەم کۆمەڵگایەدا سوکایەتی بە مرۆڤ نەکرێت؟ ئاخر بێدەنگ بوونی رۆژنامەنووس لەوەی کە روودەدات کارەساتێکی گەورەیە . بە گووتەی مەریوان قانیع " بێدەنگبوونی رۆژنامەنوس لەسەر دیاردەکان ئەگەری زیادبوونی سوکایەتی کردنە بە مرۆڤایەتی " ئایا ئەو چەندە کاردەکات بۆ لابردنی هەیمەنەی لەکارکەتووی حیزب و دەسەڵاتە خۆسەپێنەکەی؟ ئایا ئەو چەندە توانیویەتی کۆمەڵگا بهێنێتە قسە و بیری خەڵك بخاتەوە کە ئەوان لە بەرامبەر حکومەتدا مافگەلێکی زۆریان هەیە ؟

ئایا ئەو چەندە توانیویەتی خۆی لەوە دووربگرێت کە لە رێی حیزبەکەیەوە پۆستەکانی ناو رۆژنامە وەرنەگرێت و وەك رۆژنامەنوسێکی ئاسایی بچێتە ناو کایەی رۆژنامەنوسیەوە؟ ئایا ئەو چەندە توانیویەتی رایەڵەکانی پەیوەندیکردن بە خەڵکەوە ون نەکات؟ ئایا ئەو چەندە توانیویەتی رای گشتی دژی دەسەڵاتە زۆرە ملێکەی حیزب تەیار بکات؟ ئایا ئەو چەند دێڕی بۆ خەڵك نوسیوە؟ چەند کتێبی بۆ ستایشی حیزب و دەسەڵات نوسیوە ؟.

ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە کام جۆرە رۆژنامەنوسە بەرەو حاڵەتێکی باشترمان دەبات؟ ئەوەیان کە تا دوائاست ستایشکەری حیزبە. یان ئەوەی تریان کە حیزب لەبەردەم دەیان پرسیاردا رادەگرێت؟ لە زۆری دەسەڵات و پارەکانی دەپرسێتەوە ، لەسەر پێشێلکارییەکانی دێتە قسە ، داوای مافی خەڵکی دەکات.